# چەند خاڵێك سەبارەت بە ڕووی ڕاستی تورکیا

**گۆڤار احمد**

بەڕێزان ئەم بابەتەی بەردەستتان نوسینێك نییە، بەڵکو خستنە بەرچاوی چەند هەواڵێکە، کە لەنیوەی یەکەمی ئەم مانگە، واتە مانگی حەوتدا لەچاپەمەنییەکانی جیهان و تورکیادا بڵاوکرانەتەوە. مەبەستیشم لەم کارەمدا ئەوەیە کەئەو تورکیایەی لەلایەن کەسانێکەوە بەردەوام بە نمونەی دیموکراسی و پێشکەوتووخوازی و خاوەن تەکنەلۆژیای سەردەم نیشان دەدرێ، بخەمە بەرچاو هەرکەسێك کە چییە و چۆنە؟. بۆ وا باشترە کە لەدوای خوێندنەوەی ئەم هەواڵانە هەمووهان کەمێك دووربینانە سەیربکەین و بزانین کە ئەو سودەی تورکیا بۆ داهاتووی گەلەکەمان و وڵاتەکەمانی هەیە چیە و چۆنە؟.

**هەواڵی یەکەم سەبارەت بە گەندەڵی ئابووریی تورکیایە.**

لەهەواڵێکدا کە لەلایەن دەزگای لێکۆڵینەوەی تاوانی ئابوورییەوە بڵاوکراوەتەوە دەوترێ: ئێستا تورکیا لەبواری بێ یاسایی، کاری بەگومان، ساختەکاری و سپی کردنی پارەی ساختە لەبانکەکاندا لە پلەی یەکەمدایە. بەگوێرەی زانیارییەکانی بەردەست دەزگای لێکۆڵینەوەی تاوانی ئابووری لەبواری کاری بەگوماندا لەساڵی پاردا 923 دۆسیە لەدژی بانکەکان لەرپێزدان. بەگوێرەی ئەم یەکەش بەربەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو تاوانەکە بەرێژی لەسەدا 61 زیادی کردووە. بەواتایەکی تر ڕێژەی ئەو پارەیەی کە لەنێوان ساڵانی 1997 دا، تاوەکوو 2001 لەتورکیا سپی کراوە 69 ترلیۆنە، بەڵام تەنها لەساڵی ڕابردوودا ئەم یەکە گەیشتۆتە 64 ترلیۆن و 895 ملیار لیرە. هەروەها دەزگاکە بەوردە کارییەکاندا چۆتەخوار و دەڵێ: لەدەستپێکردنی بەسپی کردنی پارەی ساختەدا، بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگیش لەدوای بانکەکاندا بە پلەی دووهەم دێن و تاوەکوو ئێستا سەبارەت بەوانیش 369 دۆسیە ئاراستەی دەزگای لێکۆڵینەوە لەتاوانی ئابوری کراوە. لەدوای ئەوانەشەوە لەبەرامبەر بیرۆی دۆویز بە 52 دۆسیە و لەبەرامبەر دەزگای فینانسی تایبەتیش 4 دۆسیە و لەبەرامبەر دەزگای نێوبژێکاریش 2 دۆسیە و دەزگای تەئمینات یش 2 دۆسیە، زانیاریی دراوەتە دەزگای لێکۆڵینەوە لەتاوانی ئابووری. دەزگای ناوبراو هەروەها بەبیری دەخاتەوە کە لەتورکیا بازرگانی مادە بێهۆشکەرەکانیش زۆر بەهێزە و بەرێژەی لەسەدا 34 ی سەرچاوەی پارەی ساختە پێك دێنی.

**ئەمەیان یەکێکی دیکەیە لەو هەواڵانەی لەم مانگەدا بڵاوکراوەتەوە.**

چەند ڕۆژ لەمەو بەر ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمزی ئەمەریکی تورکیای وەکوو ناوەندی بازرگانی سێکسی ناساند. لەهەواڵێکی ڕۆژنامەی ناوبراودا نوسراوە کە تورکیا لەم بابەتەدا وەکوو دەریایەکە و چەندین ڕووباری لێ دەچۆرێ. هەواڵی ناوبراو بەسەردێری لەتورکیا بازرگانی سێکسی گەشە دەکا و زۆر ژنی سلاڤی خستۆتە نێو بۆسەوە و، وتەی لەتورکیای علمانیدا فحوش یاساییە نوسراوە. بەرپرسیاری ڕێکخراوی پەنابەرانی نێودەوڵەتی ئەنقەرە ئالان فرەدمان یش سەبارەت بەبابەتەکە هاتۆتە گۆ و دەڵێ: بیربکەنەوە کە دەریایەك چەندین ڕووباری لێ جیادەبێتەوە، ئەم دەریایەش تورکیایە. فرەدمان هەروەها دەستنیشانی کرد کە، یەکێك لەوخاڵانەی کە یەکێتی ئەورووپا لێی بەگومانە ئەم بابەتەیە و وتی: جگە لەوە تورکیا بۆتە ناوەندی پەنابەرانی نایاساییش. لەبەردەوامی قسەکانیدا فریدمان دەڵێ: تورکیا نیگەرانییەکانی ئەمەریکا لەمەڕ قاچاخچێتی مرۆڤەکانیش ڕەچاو ناکا.

**هەواڵێکی تر سەبارەت بەدیموکراسی تورکیا.**

سەبارەت بەو ڕەخنانەی ئاراستەی ڕێکخراوی ئاسایشی تورکیا ناسراو بەمیت کراوە لەمەڕ گوێگرتن لەسەرجەم تەلەفۆنەکانی ئەم دوو مانگەی لەتورکیا، دەست لێکۆڵینەوە کرا.

دۆزگەری کۆماری ئەنقەرە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەزگای میت بەگوێرەی دادگای سزای شەشەمینی دیاربەکر گوێی لەتەلەفۆنەکان گرتووە و، ئەمەش لەدژی قانون و یاساکان نییە.

دۆزگەری هەروەها دەستنیشانی کرد کە لەبەر ئەم یەکە بڕیاری لێکۆڵینەوەکە ناخەنە واری کرداریییەوە. شایەنی باسە بەسەرکردنەوەی میت بۆ گوێگرتن لەسەرجەم تەلەفۆن و ڕاگەیاندنەکانی ئینتەرنێت لە ڕێکەوتی 8 ی مانگی نیسانی ئەم ساڵ لەلایەن دادگای سزای شەشەمینی دیاربەکرەوە پەسەند کرابوو. لەبەرامبەر ئەم بڕیارەش پارێزەرانی مافی مرۆڤ، پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەخنەیان لەدەزگای میت کردبوو.

هەروەها گفتوگۆکانی پارلمانی تورکیاش سەبارەت بە گوێگرتنی تەلەفۆن لەلایەن هێزەکانی ئاسایش، جەندەرمە و میت بەردەوام دەکەن.

هەواڵێکی تریش سەبارەت دووڕوویی تورکیا لەنێوان ئیسلام و عیلمانیەتدا.

دەوڵەتی تورکیا کە لە پێناوی بونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بە تەدبیرەوە هەڵسوکەوت دەکات، فرۆشتنی گۆشتی هەسپی سەربەست کرد. بە پێی بڕیاری خۆسازاندن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا تورکیا یاسای ژمارە 5179 و 3285 ی تایبەت بە خۆراکی گۆڕی. بە پێی ئەو گۆرانکاریە، گۆشتی هەسپیش کەوتە نار ریزەکانی گۆشتی ماڵات و ئیتر لەمەودوا فرۆشتنی سەربەستە. بەڵام لەبەر ئەوەی لەتورکیا شوێنی سەربڕینی هسپ نیە، پێویستە شوێنی تایبەت بۆ ئەم ئاژەڵە ئامادە بکرێ. لەلایەکی تر لەبەر ئەوەی بە پێی داب و نەریتەکانی ئایینی ئیسلام خواردنی گۆشتی هەسپ حەرامە، مەراق دەکرێ کە ئایا لەو وڵاتەدا تا چ ئاستێك گۆشتی هەسپ دەخورێ. سەبارەت بەبابەتەکە ئۆرهان شەکەری ئەندامی زانینگای فێرکردنی خوداناسی لە زانکۆی سەلجوق ووتی: بە پێی ئایینی ئیسلام گۆشتی کەر و هێستر حەرامە بەڵام گۆشتی هەسپ حەرام نیە.

ئەمەش جۆرە هەواڵێکی ترە کە ڕۆژانە هاوشێوەی لەئاژانسە ئەوروپیەکان دەبستریٚ.

تورکیا لەدادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا جارێکی تریش لەسەر مەسەلەی ئەشکەنجە مەحکوم کرا. دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا لەدۆزی دوو کورد بەناوی سێن بی و ها تا، کە لە ساڵی 2000 دا، بەسەرکردنەوەیان ئەنجامدا، ئەمرۆ گەیشتە بڕیار. بەو پییە، ئەو کەسانەی دۆزیان کردبۆوە ڕایانگەیاند کە لەساڵی 1993 دا بە هۆی ئەوەی کە بەشداریان لەخۆپیشاندانێکی گوندی مۆلابکی ناوچەی مەلازگرتی شاری موش کردووە، دەستگیر کران و بەوپەڕی نامرۆڤانەوە ئەشکەنجە کران. ئەو پزیشکەی کەسی دەستگیرکراوی کۆنترۆڵ کرد، دەست نیشانی کردووە کە ئەو دەم و چاوی، قاچی و پشتی زۆر شوێنی تری جەستەی، پاشماوەی ئەشکەنجەی پێوەدیارە. دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا، لەو دۆزەدا بڕیاری محکوم کردنی تورکیای دا. بەو پێیە دادگاکە، ئەنکەرەی بە دانی 30 هەزار یۆرۆ قەرەبوو محکوم کرد و هەروەها بۆ خەرجی دادگاش 3 هەزار یۆرۆ سزای تورکیا دا.